# دنیای منداڵان

١٤٢

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**


سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە

دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە



**پەیوەندی:**

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com

منداڵە خۆشەویستەکان چۆنن؟ هیوادارم کە باش بنو بە دڵی خۆتان کەڵک لە هەوای پاکو سروشتی جوانی بەهار وەرگرن! با پێکەوە چەند قسەیەک بکەین! ئێوە دەزانن پاراستنی وڵات ئەرکی هەموومانە. جا هەر کەسەو بە شێوەیەک! دەزانن کوردستان چەندە خۆشەویستو جوانو سەرسەوزە، چەند سروشتی جوانی هەیەو ئێمە دەبێ لە پیسیو زبڵوزاڵ بیپارێزین تاکوو هەروا بە جوانی بمێنێتەوە. بەتایبەتی ئێستا کە وەرزی بەهارەو دەچینە سەیران، نابێ سەیرانگەکان بە پیسی بەجێ بهێلینو بڵێین قەیناکا بەلەدیە یان شارەوانی خاوێنی دەکاتەوە. دەبێ هەموومان خۆمان لە بەرانبەر پاکوخاوێنڕاگرتنی وڵاتەکەماندا بە بەرپرسیار بزانین.

ئێستا ئەمن وێنەی چەند خواردنو کەرەستەتان پێشان دەدەم کە ئەگەر فڕێ بدرێنە سەر زەوی تاکوو چەندە دەمێنێتەوەو دەبێتە هۆی پیسبوونی سروشت:

## ئایا ئێوە دەزانن ئەو زبڵو زاڵانەی لە شوێنە سروشتییەکان فڕێ دەدرێن چەند ساڵ دەمێننەوە؟!


١٠ _ ٢٠ ساڵ


١- ٥٠ ساڵ


١-٥ ساڵ


٢- ٥ حەوتوو


٢-٤ حەوتوو


١ ملیۆن ساڵ


٤٥٠ ساڵ



٢٠٠- ٨٠٠ ساڵ


٥٠ ساڵ


٥٠ ساڵ

**منداڵە خۆشەویستەکان ئێمە لە بەرامبەر پاکراگرتنی وڵاتەکەماندا بەرپرسیارین**




**جەلیل گادانی لە ١٩٣٤/٣/٣ زائینی، ١٣١٢/١٢/١٢هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە.**

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مەهاباد خوێندووە ئاخرین قۆناغیدواناوەندیی لە بەندیخانە تێپەڕ کردوە.

لە تەمەنی دوازدە ساڵی و لە سەردەمی ژ ـ ک دا دەگەڵ سیاسەت تێکەڵ بووە و لەودەمڕا تا ئێستا لە پێناو نەتەوەکەیدا تێکۆشاوە. ٦٥ساڵە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانەو پێنج جار گیراوە. سەرجەم نیزێکەی ١٣ ساڵ لە بەندیخانەدا بووەو دوای بەندیخانە بەشی زمانی فەرانسەی لە زانکۆ خوێندوە. ٩ ساڵیش تەبعید کراوە و لە تاران و دوور لە کوردستان ژیاوە. دەگەڵ زمانەکانی عەرەبی، فارسی، فەرانسەیی، رووسی ئاشنایەتیی هەیەو چەند کتێبی لە فەڕانسەیی و چەند بەرگێکیشی لە فارسییەوە وەرگێڕاوە، سێ چوارێکیشی نووسیوە و ئامادە کردوە، تا ئێستا سەرجەم ١٢ کتێبی چاپ بووە.

لە کتێبەکانی کاک جەلیل گادانی دەتوانین ئەمانە ناو بەرین: « با نەبێتە درۆی پاش مردوو، ٥٠ ساڵ خەبات، مرۆڤ چۆن بوو بە غوول « وەرگێڕان لە فەرانسەیییەوە»، انسان چگونە غول شد «وەرگێڕان لە فەرانسەیییەوە»، هاونەتەوەیی کورد و ماد، لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە « بەرگی یەک و دوو»، یادداشتهای یک پیشمرگ قهرمان و چەند کتێبی دیکە کە لە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و نووسینی کاک جەلیل گادانین.

ئاواتی رزگاریی نەتەوە و خاکی نیشتمانەکەیەتی و دیتنی کوردستانی گەورە و سەربەخۆیی. پێی خۆشە بە چاوی خۆی سەربەخۆیی کوردستان ببینێ.

**ئا: نێعمەت مەلا**

# جوانترین نیشتیمان

شالا وێنەی ئاڵایەکی دروست کرد
وتی لەسەر لوتکەکاندا
ببە هێمای بەرزی کورد

********

یارسان وێنەی باخچەیەکی گەورەی نەخشان
وتی وەرن بۆنی گوڵان بکەن و
شاتو بخۆن چۆلەکەکان

*********

نزار وێنەی کۆترێکی دروست کرد
کۆترەکە دوو شاباڵی لێ ڕوا و
بەرەو ئاسمان کەوتە فڕین بە دەست وبرد

**********

ئەژین وێنەی کوردستانی نەخشان
وتی بۆ خۆت پێ‌بکەنە
ئەی جوانترین نیشتیمان...!

لەتیف هەڵمەت

# ڤیتامین د

ڤیتامین د یەکێکە لەو ڤیتامینانە کە لە چەوری دا دەتوێنەوە، ئەم ڤیتامینە بۆ گەشە و پتەویی ئێسکەکان لە لەشدا پێویستە، ئەویش لە ڕێگەی چاودێریکردنی هاوسەنگیی نێوان کالسیۆم و فۆسفۆر. دەبێتە هۆی زیاترمژینەوەی کالسیۆم و فۆسفۆر لە ڕیخۆڵەکان دا و کەمکردنەوەی دەرکردنیان لە گورچیلەکاندا. هەروەها ئەم ڤیتامینە یارمەتیی خانەکان دەدا بۆ گەشەکردن و دووبارە دروستبوونەوەیان.

سەرچاوەی بەدەستهێنانی ئەم ڤیتامینە بێجگە لە ڕووەکەکان و ماسی و شیر، تیشکی خۆرە، بە شێوەیەک کە ئەگەر بێت و لە ڕۆژدا ١٠ تا ٢٠ دەقیقە لە ژێر تیشکی خۆردا بمێنینەوە بەسە بۆ بەدەستهێنانی ڤیتامینی پێویست بۆ لەش لەو ڕۆژەدا. کەمی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی ئێسکەنەرمە لەو کەسانە دا کە تەمەنێکی زۆریان هەیە.

بەدەستهێنانی ڤیتامین د و کالسیۆم دەبێتە هۆی زیادکردنی هێز و توانای ماسوولکەکان، ئەم ڤیتامینە ڕێگری دەکا لە تووشبوون بە نەخۆشیی راشیتیسم لە منداڵان دا و ئۆستیۆمالاسی لە گەورەساڵان و ئێسکە نەرمە لە بەتەمەنەکان دا.

مرۆڤی پێگەیشتوو لە ڕۆژێک دا پێویستیی بە ١٠ مایکرۆگرام ڤیتامین د هەیە. بەڵام بۆ منداڵان و پیرەکان ئەم ڕێژەیە زیاترە واتە ئەوان پێویستییان بە بڕێکی زیاتر لەم ڤیتامینە هەیە. هەروەها بەکارهێنانی ئەم ڤیتامینە بۆ تەندروستبوونی مێشک پێویستە و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە ئالزایمێر (بیرچوونەوە).

کەمیی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی دروستبوونی ماددەی زیادە لەسەر بڕبڕەکان و شێوەی ئەندازەیی بڕبڕەی پشت تێک دەدا. هەروەها شێوەی دەست و پێ دەگۆڕێ و ئەگەری پانبوونەوەیان هەیە ئەگەر بێتو بە تیشک پشکنینی بۆ بکرێ.

زۆریی ئەم ڤیتامینەش باش نیە و ئەگەر بێتو ڤیتامینەکە و کالسیۆم زۆر بەدەستبهێنرێ ئەگەری ژەهراویبوون هەیە. هەروەها زۆری دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی کالسیۆم لە شانە نەرمەکانی لەش وەک گورچیلە و سیەکان و دڵ و گوێ دا ، کە لە گورچیلەکان دا دەبێتە هۆی دروستبوونی بەردی گورچیلە و لە سیەکان و دڵیش دا کاردانەوەی خراپی هەیە و لە گوێش دا هەستی بیستنمان






تووشی کێشە دەکا و لەوانەیە لە ئەنجام دا کەرپیشی بەدوواوە بێ. بۆیە باش نیە بە شێوەیەکی بەردەوام ڤیتامین د لە شێوەی حەب و دەرزی دا بەکاربهێنین.

سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی ئەم ڤیتامینە

تیشکی خۆر

تیشکی سەرووبنەوشەیی توانای دروستکردنی ماددەیەکی بەناوی دیهیدرۆکولسترۆڵ هەیە کە بە تێپەڕبوونی بە چەند هەنگاوێک دا دەبێتە هۆی دروستبوونی ڤیتامین دم ئەوانەی ڕەنگی پێستیان ڕووناکترە واتە سپی‌ترن لە ماوەیەکی کەمتردا ئەم ڤیتامینەیان دەست دەکەوێت.

سەرچاوە خۆراکی‌یەکان (ڕووەکی‌یەکان)

سەرچاوە دانەوێڵەیی‌یەکان و سەوزەکان و میوەکان.

سەرچاوە خۆراکییەکان (گیانەوەرییەکان)

ڕۆنی کەرە، ڕۆنی ماسی، زەردێنەی هێلکە، جەرگ، ماسی.

سەرچاوەی دەستکردی پزیشکی

بەشێوەی کەپسوول و دەرزی دەدرێ بەوانەی پێویستی‌یان پێی هەیە.

هانا وریا

# چیرۆکی چۆلەکەی فەرامۆشکار

ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نێو دارستانێکی سەرسەوزدا، چۆلەکەیەک لە سەر بەرزترین لقی دارێک هێلانەی هەبوو.

چۆلەکەی چیرۆکی ئێمە ڕۆژێک بڕیاری دا بچێتە سەردانی هاوڕێکەی. تاریکوڕوونی بەیانی بەرەو ماڵی هاوڕێکەی وەڕێکەوت، زۆر ڕۆیشت چەندین شەقامو کۆڵانی تێپەڕاند بەڵام ماڵی هاوڕێکەی نەدۆزییەوە، دەزانن بۆ؟ چونکە ماڵی هاوڕێکەی لە بیر چووبۆوە.

چۆلەکە گەیشتە ڕووبارێکو دیتی باڵندەیەک لەوێدا مەلە دەکا، لێی پرسی ئەرێ تۆ دەزانی ماڵی هاوڕێکەم لە کوێیە؟ باڵندەکە بە سەرسوڕمانەوە گوتی: جا ئەمن لە کوێ بزانم؟!

چۆلەکەکە زۆر ماندوو ببوو، لەسەربانی ماڵێک هەڵنیشت تا کەمێک پشوو بدا، بڕیاری دا بگەڕێتەوە بەڵام زۆر لە ماڵەکەی خۆی دوور کەوتبۆوەو ڕێگەی ماڵی خۆشی لەبیر چووبۆوە.

لە پڕدا هەستی کرد کەسێک لێی نزیک دەبێتەوە، هەڵفڕی، دیتی کچێکە مستێکی گەنم بۆ هێناوە.

کچەکە لێی پرسی: « چی بووە چۆلەکە گیان؟»

لە من مەترسێ، دەمەوێ لەگەڵت ببمە هاوڕێ، ها وەرە خواردنم بۆ هێناوی.

چۆلەکە گوتی: تۆ ئازارم نادەی؟ یانی تۆ نامخەیە نێو قەفەسەوە؟

کچەکە گوتی: نا من چۆن کاری وا دەکەم؟!

چۆلەکە گوتی: ئەمن ڕێگەی ماڵێم لێون بووە، کچەکە گوتی: ئەمن یارمەتیت دەدەم تا دەیدۆزییەوە، دەزانی ماڵەکەت لە کوێیە؟ چۆلەکە گوتی لەنێو دارستانێکی زۆر گەورەدایە.

کچەکە گوتی: دەی باشە با بەرەو دارستان وەڕێ کەوین، ئەمن یارمەتیت دەدەم تاکوو ئەو دارە بدۆزینەوە.

دوای چەند کاتژمێر گەڕانو هەوڵو ماندووبوونێکی زۆر ماڵی چۆلەکە



بچکۆلەیان دۆزییەوە، چۆلەکە بچکۆلە بەرەو ماڵەکەی هەڵفڕیو بەڵێنی بە هاوڕێکەی دا لەمە بەدوا زۆرتر هۆشی لە خۆی بێ تاوەکوو جارێکی دیکە نە ماڵی هاوڕێکەی لە بیر بچێتەوەو نە بۆخۆشی ون بێ.

بەڵێ منداڵە ئازیزەکان! چیرۆکی ئێمە هەم باس لە هاوڕێی باش دەکاو هەم باس لەوە دەکا دەبێ بیرو هۆشمان باش بێ شتمان لە بیر نەچێتەوە.

**وەرگێڕان بۆ کوردی: مینا**

سڵاو منداڵەکان وانەی ئەوڕۆمان تایبەتە بە لەشە و دەمانەوێ بزانین لە زمانی ئینگلیسی بە ئەندامەکانی لەش دەڵێن چی.

Look at this monkey چاو لەم مەیموونە بکە



It has two big eyes دوو چاوی گەورەی هەیە

It also has two big ears ئەو هەر وەها دوو گوێی گەورەی هەیە

It has a big mouth ئەو دمێکی گەورەی هەیە

It has a small nose ئەو لووتێکی بچووکی هەیە

It has a long arms ئەو دوو دەستی درێژی هەیە

It has ashort legs ئەو دوو لاقی کورتی هەیە

It has big feet ئەو دوو پێی( تەنیا ئەو جێگایەی دەچێتە نێو کەوشەوە) گەورەی هەیە

ئێستاش تکایە نێوی کوردی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لەم جەدوەلەی خوارەوەدابنووسە و بۆخۆشت چەند دانەیەک لە جێ بۆشەکاندا زیاد بکە:

| | | |
|---|---|---|
| Ear | Eye | Nose |
| Mouth | Arm | Hand |
| زمان Tong | Foot | Leg |
| Chin | Lips | Neck |
| Knee | Eyebrow | گۆنا ، کوڵمە Cheek |
| Shoulder | سینگ Chest | Finger |
| گوێزینگی لاق، قولاپەی پێ Ankel | Heel | elbow |
| | Shin | Forehead |

کاوە ئاهەنگەری

## ئاواتی منداڵێک

ڕوژێک له منداڵێکیان پرسی بۆچی وا داماوی: له وەڵامی ئەو پرسیارەدا بڕێک سەری دانواندو گوتی: بۆچی دانەمێنم، دڵخوشی بەمانەیە: بە زانست كه میللەتی من لێی بێبەشه، به ئازادی كه زیاترینی هاوخوێنەكانم ئێستاش نازانن بەری چ دارێكه، به سنعاته كه میللەتانی دی له ئاسمان دەڕۆن و ژێر دەریا كەشف دەكەن تازه كوردستانی ئێمه باسی ئەلف و بێ دەكا. ئەمن ڕۆژێكی شاد دەبم كه گەورەو چووك و ژن و پیاوی وڵاتەكەم خوێندەوار بن. ئەو ڕۆژه خۆشه كه ئاڵای سەربەخۆیی كوردستان لەسەر چیاكانی ئاڕاڕات بلەرێتەوه. ئەو ڕۆژەی دانامێنم كه جووتیار به تەراكتۆر كار بكا. ئەو ڕۆژه كه كوردستانی جوان بەم وێنەیە ببینم دەتوانم بڵێم داماونیم و دڵشادم.

**نووسینی دڵشاد**

**گروگاڵی منداڵانی کورد**
**ژماره ١ ساڵی ١ بانەمەڕی ١٣٢٥ لاپەرەی ١٠**

## مناڵەکان



گولن، خونچەن، هیوان، مەلن
ژن و پیـــاوی سبەی گەلن
ئەی زانایان، ماموستایان !!!!
ئێــوه، جــوریک رایــان بێنن
کـه سبەینێ له رووتـــان بێ
له روویانا، ســـەر هەڵێنن

**ک. د . ئازاد**

## بە بۆنەی ساڵڕۆژی کارەساتی ئەنفال شانۆیەک لەلایەن منداڵانی قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتەوە بەڕێوەچوو















# باوکە کوا نیشتمانی من؟

**نامەی منداڵە کوردێکی ڕۆژهەڵاتیی دانیشتووی باشووری کوردستان، بۆ باوکی**

باوکە گیان ئەتۆ خەتاباری.... باوکە ئەتۆ تاوانباری. باوکە من نە نیشتمانم دەوێ و نە تۆ و نە هیچ کەس. باوکە گیان، ئەتۆ کە دەتزانی لە وڵاتێکدای وەک پەنابەرێک دەژی و هیچ مافێکت نیە، ئەتۆ کە بەپێی قانوونی ئەم وڵاتە وەک بنیادەم سەیرت ناکرێ، بۆچی منت هێنایە دنیا؟

ئەتۆ باسی نیشتمانم بۆ دەکەی. هەر لە منداڵیمەوە فێری سروودی ئەی رەقیب و خوایە وەتەن ئاواکەیت کردووم و بە ئاوازی سروودە کوردییەکان گۆشت کردووم. بەڵام هەرچی دەگەڕێم بۆ نیشتمان نازانم کوێیە؟ ئاخر نیشتمان دەبێ ئەو شوێنە بێ کە وەک بنیادەمێک مافت هەبێ تێیدا بژی. ئەو زێد و نیشتمانەی تۆ لەوێوە هاتوویە ئێرە هەر نازانم کوێیە. جاروبارە لە هەندێ کەناڵەوە دەبینم دیمەنی ئەوێ بڵاو دەبێتەوە و ئەتۆش ئاخێک هەڵدەکێشی و جاروبارەش ڕوو وەردەگێڕی و دەزانم فرمێسک لە چاوتدا قەتیس ماون یان ڕژاونەتە سەر ڕوومەتەکانت. ئەمن زێدەکەی تۆم نەدیتوە. نازانم دایەگەورەم کە دایکی تۆیە و هەموو جارێ وێنەکەی دێنیتە سەر شاشەی کۆمپیۆتەرەکەت لە کام گۆڕستان نێژراوە و بەلاشمەوە هیچ گرنگ نیە چەندە چاوەڕوانی گەڕانەوەت بووە و بەئاواتەوە بووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەتۆ بگەڕێیتەوە باوەشی. دیارە وەک مرۆڤێک بۆ هەموو ئەودایکە چاوەڕوانانە بەداخم کە ئاواتی گەڕانەوەی منداڵەکانیان دەبەنە بن گڵ و دیدارئاخرەتیان دەبن.

ئەوەی ئێستا زۆر بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کە ئیتر ئەمن گەورە بووم و زۆر شتم دەوێ بەڵام ئەمن بە ئاگری ئاوارەبوونی تۆوە دەسووتێم. ئاوارەبوونی تۆ بووەتە ناسنامەی منیش و مافە ئینسانییەکانی منیشی سووتاندوە. منی لە مافە سەرەتایی و ئینسانییەکانیشم بێبەش کردوە. ئەمن وەک هاوپۆلەکانم هەویە



و جنسیەم نیە، چونکە باوکم ئێرانییە. ئێرانی واتە بیانی. واتە کەسێک کە لێرە مافی نیە. هاوڕێکانم هاوینان دەچنە گەشت و سەیران و ئەمن ناتوانم، چونکە باوکم ئاوارە کوردێکی ڕۆژهەڵاتییە و پێشی دەڵێن ئێرانی و بۆی نیە سنوور ببەزێنێ و لە کوردستان بچێتە دەرێ، تەنانەت بۆی نیە سەردانی کەرکووکیش بکا. ئەمن لێرە نیوە ئینسانم، چونکە باوکم ئاوارەکوردێکی ڕۆژهەڵاتییە و سەردەمانێک بە ئیشقی نیشتمانەوە زێدەکەی خۆی بەجێ هێشتوە و بەرگی ئاوارەیی بە بەر ژیانی خۆی و بەرگی بەشمەینەتییشی بە بەر ژیانی مندا کردوە.

باوکە گیان: ئەمن نازانم بۆچی ئێستاش هەروا لە نیشتمانپەروەری و نیشتمانپەرستیدا گەرموگوڕی؟ بەڵێ پێم سەیرە! ئەتۆ پێم ناڵێی لەو نیشتمانە چیت بەش دراوە؟ ئەتۆ کە هەتا ئێستاش مافی ئەوەت پێ ڕەوا نەبینراوە تەنانەت سەیارەکەت بەناوی خۆتەوە بکەی؟ ئەتۆ کە لەوەتەی پەڕیوەی ئەم بەشەی خۆت گوتەنی «نیشتمان» بووی و بە باوەڕی

منیش هەوای ئاوارەییت هەڵمژیوە، ئیتر مافی ئەوەت نەبووە بۆ تاقە جارێکیش سەفەرێک بکەی؟ سەفەرێک بۆ دەرەوەی وڵات؟ ئەتۆ پێم نالێی لەم بەشەی خۆت گوتەنی نیشتمانەکەتدا کە بەردەوام دەشفەرمووی گیانت لەسەر بەری دەستتە بۆی، چیت بەش دراوە؟ باوکە! ئەتۆ خۆت بە پێشمەرگەی هەموو خاکی کوردستان دەزانی. بە منیش دەڵێی: بۆ من فەرقی ئێرە و ئەودیو نیە و ئامادەم لەسەر ئێرەش گیانم بەخت بکەم، دیواری فەیسبووکەکەت دەبینم هەمووی هەڵگوتن بە نیشتمانەکەت و بەم ئەزموونەی کوردستانە، کەچی هەتا ئێستاش لەم نیشتمانەی هەر خۆت پێت وایە ماڵی تۆشە، مافی ئەوەیان پێت نەداوە بە فەرمی بتکەنە کارمەندی ئیدارەیەک. بۆ؟ چونکە ئەتۆ کوردستانی نی؟ نا، نا، لەبەر ئەوە نیە، لەبەر ئەوەیە ئەتۆ عێراقی نی. واتە ئەگەر عێراقی بی، عەرەبیش بی، مەزنتر و خۆشەویستتری لەوەی کوردێکی ناعێراقی بی و جنسیەی عێراقیت نەبێ. بۆیە دەچیتە هەر جێیەک، دەڵێن هەویە و جنسیەی عێراقیمان دەوێ.

بەڵێ باوکی خۆم! ئەتۆ بەمن دەڵێی، قەیناکا رۆڵە، ئەزموونەکەمان زۆری ماوە تۆکمە بێ. پێویستیی بە فیداکارییە. پێم دەڵێی، رۆڵە پشوودرێژ بە، هەموو شتێک چاک دەبێ. پێم دەڵێی ئەو بێبەشییەمان ئاساییە، چونکە هێشتا سەقامگیر نەبووین. بەڵام ئەمن ئەو قسانەم قەبووڵ نین. دەزانم خەڵکەکە زۆرت رێز دەگرن. هەر خۆشت دەڵێی چەندی چەند ساڵە لێرەم، ئەو خەڵکە پشتوپەنام بوون بۆیە توانیومە بەردەوام بم و بمێنمەوە. دەزانم. ئەمنیش ئەو خەڵکەم خۆش دەوێ باوکە گیان. دەزانم ئەو خەڵکە زۆر باشن. ئەمن گلەییم لە تۆیە، ئەتۆ لە چوارچێوەی وڵاتێکدا دەژی کە قانوونەکەی تۆی وەک مرۆڤ قەبووڵ نیە. ئەوەتا لە وڵاتان، کە بیانییەک لەوێ زەماوەند دەکا دەسبەجێ ناسنامەی دەدەنێ. کە بیانییەک لەوێ دەبێتە پەنابەری سیاسی و وەک پەنابەر وەردەگیرێ و متمانەی پێ دەکەن، لەگەڵ هەویەی نیشتەجێبووندا دوای ماوەیەک

پەساپۆرتیشی دەدەنێ، بەر لەوەی هەویە و جنسیەی ئەو وڵاتەی پێ بدرێ. ئەی کوا پەساپۆرتەکەی تۆ؟ ئەی کوا هەویە و جنسیەکەی من؟ خۆ ئەمن لێرە لەدایک بوومە. ئەگەر لە وڵاتێکی ئوروووپایی لەدایک بوایەم دەسبەجێ ناسنامەیان دەدامێ. بیستوومە لەوێ تەنانەت سەگەکانیش ناسنامەیان هەیە....

ئەو ڕۆژە زۆر زۆرم بەزەیی پێتدا هاتەوە. کە چوویتە ئیقامە و منیشت لەگەڵ خۆت برد. وەمزانی ئێستا شوێنێکی تایبەتیان بۆ کوردە نیشتمانپەروەرەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەکەت کردووەتەوە. پێم وابوو لە سای ئەو بیست سی کتێبەی بڵاوت کردوونەوە ئێستا هەموو دەتناسن. زۆرم بەزەیی پێتدا هاتەوە باوکە، کاتێ کارتەکەیان لێ وەرگرتیتەوە و لێتیان پرسیی چکارەی؟ گوتت نووسەر و وەرگێڕم، زابتەکە زەردەخەنەیەکی پڕلە گاڵتە و تەوسی خزییە سەر لێو و گوتی، بڕۆ ئەو هۆدەیەی ئەوبەر، ئەوەی وا ئەو بەنگلادشییانەی لەبەر دەرگاکەی ڕاوەستاون. ئەمن لەدڵی خۆمدا گوتم: بەنگلادشی؟ ئەی خۆ باوکی من کوردە، بەنگلادشی نیە؟ کە لێشتم پرسی، باوکە بۆ لەگەڵ بەنگلادشییەکان دەتنێرنە ژوورەوە؟ ئەتۆ باسی یەکسانیی مرۆڤت بۆ کردم. بەبێ ئەوەی بزانی من زۆر لەوە منداڵتر بووم ئەو باسانە تێبگەم. کورتی دەبڕمەوە:

باوکە کەیفی خۆتە، ئەتۆ بەو شتانە ڕازی بوویت، شانازیت بەو شتانەوە کرد، هەمووی بۆخۆت، بەڵام بۆ بیرت لەوە نەکردەوە و نەتگوت، ئەو منداڵەی دروستی دەکەم و دەیخەمەوە بەشکم ئەو شتانەی قەبووڵ نەبێ؟ بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟ باوکە ئەتۆ خەتاباری. ئەتۆ بەئاوارەیی ژیای و منیشت بەئاوارەیی هێنایە سەردنیا. باوکە:خۆت نیشتمانت نیە کەیفی خۆتە. پێم بڵێ کوا نیشتمانی من؟

**کوردە بێ نیشتمانەکە**

**ڕەسووڵ بایز مەحموود**

# ناسینی ئامێری کەمانچە

((کەمانچە یەکێک لە ئامێرە هە رە خۆشدە نگەکانە)

کەمانچە نە تەنیا بۆ مۆسیقا دەستگاهی‌یەکان بەڵکوو لە مۆسیقا مەقامی‌یەکانیشدا بەکار دێ و لە زۆربەی پارێزگاکانی ئێران وەک: لۆرستان، گیلان، مازەندەران، باکووری خۆراسان، تورکەمەن سەحرا و کوردستان بە گشتی، دەگەل ژیانو فۆلکلۆرو مێژووی خەڵکی گرێ دراوە.

کەمانچە بۆ یەکەم‌جار لە کاتی پاشایەتیی سەفەوی‌یەکان‌دا وەک شکلی ئێستای هاتە نێو موسیقای ئێرانیو بە هەڵمەتی ژەنیارە لێوەشاوەکان جێی خۆی لەنێو مۆسیقای فۆلکلۆریی ناوچەکانی ئێران کردەوەو خۆی لە نێو دڵی مۆسیقا زانانو بیسەرانی مۆسیقا جێی کردەوە.

ئێستا پاش تێپەربوونی دوو سەدە بەسەر مێژووی کەمانچەو هەورازوو نەشیوێکدا کە ئەم ئامێرە تێی‌پەڕاندوە بە هەڵمەتی دڵسۆزانی، ئێستاش وەک یەکێک لە ئەسڵی‌ترین ئامێرەکانی مۆسیقای فۆلکلۆری ئێرانی خۆی دەنوێنێ و بە هیممەتی مامۆستایانی گەورەی وەک کاک ئەردەشیر کامکار، جێی خۆی لە نێو موسیقاو مەقامە کوردی‌یەکانیشدا کردۆتەوە.

کەمانچە لە سێ بەشی ئەسڵی پێک‌هاتوە کە بریتین لە:

١) کاسە



٢) دەستە





ئەردەشیر کامکار



٣) سەر دەستە

درێژایی کەمانچە ٨٠ سانتەو بە هۆی پایە کە لە ژێر کاسەیە لەسەر حەرزی دادەنرێ،

نووسین: سامان باوەجانی



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



بچکۆل بە خاڵ خاڵی گوت: دەزانی قەیتانی کەوشەکانی باوکم چەند بەهێزن؟!
خاڵ خاڵی گوتی: ئەتۆ چووزانی؟
بچکۆل گوتی: ئاخر دوێنێ قەیتانەکانی کەوتنە بن لاقی و باوکم کەوت.



**سێو**

مامۆستا بە قوتابی‌یەکەی گوت: وێنەی کرمێک بکێشەو، قوتابی وێنەی سێوێکی کێشایەوە.
مامۆستا لێی پرسی بۆ وێنەی سێوت کێشایەوە؟ قوتابی گوتی: مامۆستا کرمەکە لە نێوی دا خۆی شاردۆتەوە



**دار**

قشقەڕە لە پیرەداری پرسی بیستوومە بوویەتە دایەگەورە، ناوی نەوەکەت چیە؟
پیرە دار گوتی: نێاوی قەڵەمە قەڵەم!

موو ی وشک

ڕۆژێک منداڵێک سەری بە شامپۆ دەشوا بەڵام بەبێ ئاو، لێی دەپرسن بۆ بەبێ ئاو سەرت دەشۆی؟ دەڵێ لەسەری نووسراوە ئەو شامپۆیە تایبەت بە مووی وشکە!.

دیاریی نارین کەنکاش



# مەیموون و بزن

ڕۆژی لە ڕۆژان، پیرە مەیموونێ
خۆی کرد بە هاوڕێی، تاقە بزنێ
هەر دووک بە جووتە لە ماڵێک دەژیان
لای پیرەژنێک ، هەژار، بەسەزمان
ڕۆژێک پیرەژن ڕۆیشت بۆ بازار
بزنی بەستەوە لە کۆڵەگەی دار
مەیموون کەزانی ئەو ماڵە چۆڵە
پیرەژن نەما بیکات بە بۆڵە
بە ئارەزووی خۆی لەماڵ دەگەڕا
دەهات ودەچوو، سەربەست دەسووڕا
بینی جامێک(ماست) پردانراوە
بە پەڕۆک سەری داپۆشراوە
بە هەلی زانی گشت ماستەکەی خوارد
ماوەیەک بۆ خۆی بە خۆشیی ڕابوارد
لە پاشان داما..بیری کردەوە
بە فێڵ لە بزن نزیک کەوتەوە
جامی بەتاڵی نایە بەردەمی
ئەم فێڵەی لێکرد زۆر بە بەبێ شەرمی
چەند دڵۆپە ماستی لە پێشی ڕژاند

کاتێ پیرەژن گەڕایەوە ماڵ
بەبەر چاوی کەوت دیمەنێکی تاڵ
بینی بزنەکە دەمی بە ماستە
وتی: ئەی خوایە خۆ ئەمە ڕاستە
کەوتە لێدانی بزنی بەسەزمان
قاڕەی دەگەییە پەڕەکەی ئاسمان
لەولاوە مەیموون بۆی پێدەکەنی
بەم چاڵی کە بۆ بزنی هەڵکەنی

**عەلی بەختەوەر**

# فێرگەی نەققاشی



# ساناو چرۆو دەپێکردنی پێڵاوەکانیان



ساناو چرۆ هاورێی یەکترن‌و هەردووکیان تەمەنیان پێنج ساڵەو بەیەکەوە دەڕۆن بۆ باغچەی ساوایان.
ئەوان بەر لەوەی برۆن بۆ باغچەی ساوایان هیچیان نەیاندەتوانی بۆخۆیان پێڵاوەکانی خۆیان دەپێ بکەن یان جلوبەرگەکانیان دە بەر بکەن‌و کەلو پەلەکانیان بخەنە نێو جانتاکانیان، بەڵام رۆژێک لە باغچە مامۆستا ئەوان‌و هاورێکانی دیکەیان فێر دەکا کە بۆ خۆیان پێڵاوکانیان دەپێ بکەن.
ساناو چرۆ زۆر دڵخۆش بوون کە فێر ببوون کارێک بۆ خۆیان ئەنجام بدەن. بەڵام سانا هێشتا پێی خۆش بوو کە دایکی کەوشەکانی بۆ دەپێ بکاو هەروەک جاران داوای لە دایکی دەکرد کە کەوشەکانی دەپێ بکا.
یەکێک لەو رۆژانە کە چرۆ لە ماڵی سانا بووو دیتی کە سانا داوا لە دایکی دەکا پێلاوەکانی دەپێ کا. رووی کردە سانا و بە توورەیی گوتی: ئەوە چیە؟ سانا چما مامۆستا فێری نەکردین کە بۆخۆمان پێلاوەکانمان دەپێ بکەین؟ بۆ تۆ داوا لە دایکت دەکەی پێلاوت دەپێ بکا؟ ئەگەر بۆخۆت پێلاوەکەت دەپێ نەکەی منیش چی دیکە هاورێت نابم، چون وا دیارە تۆ گەورە نەبووی و ناتوانی بۆخۆت کارەکانی خۆت بکەی.
ساناش کە پێی خۆش نەبوو هاورێکەی لە دەست بدا بۆخۆی پێلاوەکانی دەپێ کردو بەڵێنی دا کە ئیدی لەوەبەدواوە بۆخۆی پێلاوەکانی دەپێ بکا.

نەسرین یوسفزادە


ئایلین کەریمی، سۆلاڤ قازی


ژیار ساڵحی


سیوەر و ئاریان شەرەفی


فەریماه قازی


سانا سنجابی


سۆلان قازی



رامین چوکەڵی



کانی نادریان


مادیا پەڕ


کانی هەیکەلی

